کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر خێزانی کورد

نەوشیروان سابیر

کارەساتی ئەنفال یەکێکە لەگەورەترین ئەو تاوانانە گەورانەی کە حکومەتی عێراقی بەشێوەیەکی نەخشە بۆ کێشراو بەسەر گەلی کوردا هێنا، وە ئەم پرۆسەیە تێکدانی ژێر خانی ئابوری و گەلێ دەردە سەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی و دەرونی و قەیرانی سیاسی لەدوای خۆیدا بەجێهێشتووە کە تا ئێستاش بەجێماو و کەس وکاری ئەنفالەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەگەڵ ئەمەدا پرۆسەیەك بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەرونی گەلی کورد ، لێرەوە بۆشمان دەردەکەوێ تەنها ئەنفال ئەوانە نین بێسەرو شوێن کراون، بەڵکو ئەوانەش کە بەجێماوی ئەنفالن و جێماون کاریگەری ئەنفال ماوە لەسەریان و هەر دەمێنێ، بۆیە لێرەدا هەوڵدەدەین بەشێك لەو کاریگەریانە باس بکەین لەسەر ئەو کارەساتەی بەسەر گەلی کوردا هاتووە

کاریگەری کۆمەڵایەتی:

ئۆپراسیۆنی ئەنفال هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شەڵەژان و پەرتەوازە بوونی کۆمەڵگەی کوردەواری و وە تێکدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان یەکتریدا، هەروەها بووە هۆی نەهێشتن و تێکدانی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری کە بنچینەو بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەگشتی. زۆرێك لەپسپۆرانی کۆمەڵناسی پێیان وایە کە پرۆسەی ئەنفال کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بەجێماوەکانی خۆی هەیە لە ڕوی کۆمەڵایەتی یەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی وە بەتایبەتی بەجێماوەکانی ئەنفالی گوندەکان لە لایەن باوکیانەوە بژێوی ڕۆژانەیان بۆ دابین دەکرا، بەڵام کە ئەنفال ڕویدا ئەوە بوو بژێوی ڕۆژانە بووە هۆی تێکدانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی تاك و خێزان، هەروەها لەڕوی پەروەردەکردنی خێزانەوە واتە منداڵەکان هەست بەوە دەکەن کە باوکیان نەماوە وە هەست بەوە دەکەن کە یەکێك بەخێویان دەکات ئەویش دایکێتی لەبەر ئەوە هەست بەکەمێتی دەکات، بۆیە کاریگەرییەکان زۆر ڕاستەوانە بووە لە سەر تاکەکان. [1]

هەر کۆمەڵگەیەکیش شەڵەژاو بەرەو نەمان چوو ئەوا زۆرێك لەبنەما سەرەکییەکانی لەدەست دەدات[2] ئاشکرایە زۆربەی دابو نەریتە کۆمەڵایەتی یەکان لە گوندەکان بەرچاو دەکەون کە نمونەی بەرزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە بە نەمانی گوندەکان زۆربەی دابو نەریتەکان دەسڕێتەوە، هەروەها کەرەستەوەو بەجێماوە فۆلکلۆرییەکان لەناو دەچن[3]. لەگەڵ ئەوەی ئەو کارەساتە نامرۆڤایەتییە کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە، بەڵام پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو تاکەکانی کۆمەڵدا بەردەوامە، ئەو بەرداوامیو گەشەسەندنە ئەوامان نیشان ئەدات کەتاكو ئێستا کۆمەڵگای کوردەواری چەسپاوە لە یەکێتی کۆمەڵایەی کە کاریگەری لەسەر یەکێتی نیشتمانی هەیە، کەواتە شاڵاوەکانی ئەنفال نەیتوانیوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا بپچرێنێ، وەك ئەو پەندە کوریدییەی دەڵێت (مرۆڤ لەدین دەبێ، بەڵام حەنین نابێ)[4].

ئاستی خوێندەواری هەر کۆمەڵێ، ئاماژەی ڕونو ئاشکرایە بۆ پێشکەوتنو بەرەو پێشچونی ڕۆشنبیریو شارستانی ئەو کۆمەڵە، واتە ئەو کۆمەڵانەی کە ڕێژەی خوێنەوارانو ئاستی خوێندن تاڕادەیەکی باڵا تیایاندا پەرەی سەندوە لەزۆر ڕووەوە لەو کۆمەڵانەی پێشکەوتووە باشترە کە ئاستی خوێندەواری تییاندا نزمە[5]. پاش ئەنجامدانی کارەساتی ئەنفال لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتی عێراقییەوە، لەساڵی ١٩٨٨ کەسو کارو دەربازبوانی کارەساتی ئەنفال لەکۆمەڵگا زۆرە ملێکاندا کۆکرانەوەو نیشتەجێکران لەو دەمەوە تاکو ئێستا سەدانو بگرە هەزاران خێزان بەدەست کێشەوی نیشتەجێبونەوە دەناڵێنن[6] هەروەها لەبواری ئەنفالی کلتوریدا کتێبە مێژوییەکان گەواهن هەندێك بەجێماوەی کلتوریشیان ماوە کە بەڵگەی بۆ پێشکەتووی مرۆڤ دۆستیو کەلتورەکەمان پێش ئەوەی ئەنفال بکرێت، بۆ نمونە لەکلتوری کوردیدا زیندە بەچاڵکردنو زیندانی کردنو زەوتکردنی مافەکانی ژنان نەبووە وەكو لەکتوری عەرەبیدا هەببوەو هەیە[7]. ڕژێمی بەعسی فاشی جگە لەوەی کەلتورو دابو نەریتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەنێو خێزانی کوردیدا لەناوبرد لەلایەکی دیکەوە لەفۆمێکی تردا دیسانەوە ئاوات و خوزگەی کچو کوڕی لاوی کوردی زیندە چاڵکرد، لەوبارەیەوە مریم صالح دانیشتوی ناحیەی ڕزگاری ڕوی ڕەشی ڕژێمی بەعسیمان زیاتر نیشان ئەدا، مریم بەرلەوەی کارەساتی ئەنفال ڕوبدات لەگوندی تیلەکۆی سەر بەناحیەی قادرکەرەم ئەژیا، ئەوکات ماڵی مریەم لەگەڵ ماڵی مامیدا ژن بەژن دەکەنو مریم دەدرێت بە ئامۆزاکەی،

دوای دوومانگ بەدەسگیرانداریێتی بەرلەوەی هاوسەریێتی پێکەوە بنێن ڕژێم هەڵدەکوتێتە سەر لادێکەیان‌و زۆربەی کەس‌وکاری‌و دەستگیرانەکەی مریەم دەستگیردەکەن، لەوکاتەوە هەتا ئێستا مریەم چاوەڕوانی دەستگیرانەکەی دەکات‌و شوی نەکردۆتەوە، هەروەها وتیشی ئەو کچەی لەحەقی مندا دراوە ئەیش وەك‌و من شوی نەکردوەو ئێستا لە ئۆردوگای شۆرش دەژی.[8]

هۆکارێکی دیکە کە ئافرەتانی تیا بونەتە قوربانی کاریگەرترین گرفتی کۆمەڵایەتی دروست کردوە، ئەویش چارەنوسی هەزاران ئافرەتی گەنج‌و کەم تەمەنن، کە هەیانە دەزگیران دار بونەوە چەند مانگێك لای مێرد بونەو هەشیانە مندالێك یاخود دوو منداڵیان هەیەو شوویان نەکردووەتەوە،دیارە ئەم ئافرەتانە لەم فەزای کۆمەڵایەتیەدا ناتوانن بڕیار لەسەر شوکردنەوەی خۆیان بدەن، چونکە بڕیاردان لەو بابەتە بەواتای چونە دەرەوەیە لە سنوری بازنەی داب‌و نەریتی کۆمەڵ، ئەمانەش بونەتە قوربانی نەریتی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵی کوردەواری، چونکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کۆمەڵە سنورێك هەیە شوێن‌و مەکانەی ئافرەتان بەگشتی و بەجیاوان دیاری دەکات، دەرچونیش لەو سنورانە نیشانەی عەیب‌و عاری گەورەی لەسەرە، چونکە عەیب‌و عار بەهەر کەسێکەوە بەسترایەوە وا بە ئاسانی دەسبەرداری نابێت. بێگومان تاکو ئێستا بەشێوەیەکی گونجاوو ڕێگەچارەیەکی یاسای شەرعیان بۆ نەدۆزراوەتەوە[9].

کاریگەری ئابوری:

تێکشکانی ئابوری کوردستان‌و بنبڕکردنی بەرهەمەکانی گوندەکان‌و سەرچاوەی بژێوی دانیشتوانەکەی، ئەتوانین بڵێین بەئامانجی سێیەم دێت لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا، لەپاش لەناوبردنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردستان‌و لەناو بردنی پشت‌و پەنای بزوتنەوەکە دانیشتوانی گوندەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بووە.[10] بۆیە بەپیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید، کەچڵەپۆپەکەی شاڵاوەکانی ئەنفالی هەشتاو هەشت بوو هەولێدا خاکی هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیی‌و لەکورد چۆڵی بکات، کەواتە بایەخی جیۆپۆلۆتیکی ئەم هەرێمە بەهۆکارێکی گرنگ‌و سەرەکی دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال، چونکە ئەگەر عیراق وهەرێمی کوردستانی لێ جیا بکرێتەوە، دەبێتە وڵاتێکی کەم نەوت‌و بێ کشتوکاڵ‌و بێ سەرچاوەی ئاو، کوردستانیش مەرجێکی بەهێزبونی دەوڵەتی بۆ دێتە ئاراوە کەبنەمای ئابورییە، لەپیترۆل‌و کشتوکاڵ‌و

سەرچاوەی ئاو، کەواتە ئابوری گەورەترین بنەمای ژیانی مرۆڤە، لەهەر هەشت زنجیرەکەی سوپای عیراق بە تەکنەلۆژیای عەسکەری نوێوە لەماوەی حەوت مانگدا جگە لە جینۆساید کردنی ژن‌و پیاو منداڵ‌و پیری کورد بەپێی بەڵگەنامەکان، ئەوانەی بەرێکەوت لە تۆری ئەنفال چییەکان ڕزگار بون ڕوبەروی گەورەترین کێشەی ئابوری و زیانی کولە مەرگی بونەوە، لەئۆردوگاکاندا بێکارو کاسبی دەست بەسەرکران [11]، بۆیە ئەتوانین بلێن ئەم بەشە چالاك‌و بەرهەم هێنە بوون بەکۆمەڵێکی بێکار، ئەمەش بۆ خۆی زەرەرو زیانێکی ئابورییە کە یەکەم بەکوردستان‌و دووەم بە کەس‌و کاری قوربانیانی ئەنفال کەوت، ئالێرەدا ئەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گیروگرفتی ئابوری زیاتر باڵی بەسەر ئافرەتاندا کێشاوە[12]. خێزانی ئەنفال دوای بێسەرو شوێنکردنی مێردەکەیوو هاتنەوەی خۆی‌و منداڵەکانی لە زیندان یان بەرنەکەوتنی لە چوار چێوەی پەلامارەکە، چ کارێك بۆ بوژندنەوەی بنەمای ئابوری سەرجەم ئەو خێزانانە لە سەر بەخێوکردنی ئاژەڵ‌و چاندنی دانەوێڵەو ڕەزو باخ‌و ....هتد. ڕاوەستا بوو، هەموو ئەوانەش لەپرۆسەی پەلاماری ئەنفالدا نەمان بەتالان بران. ئەتوانین بڵێین بەر لەپەلاماری ئەنفال هەژارترین خێزان توانای خۆ ژیاندنی هەبووە، بەڵام دوای پەلامارەکە هەژارو دەوڵەمەند چونە یەك ئاستەوە کەوتنە بەردەم هەڕەشەیەکی پڕ مەترسییەکەوە بەتایبەتی ئەو خێزانانەی بەرێوەبردن‌و بەخێوکردنیان کەوتبووە ئەستۆی ئافرەت[13]. ئەو تراژیدیایەی کە ڕویدا تەنها تراژیدیای مرۆیی نەبوو، بەڵکو کارەساتێکی ئابوری بۆ سەر کوردستان‌و هەموو عێراق ، چونکە ئەو ژمارە زۆرەی کە حکومەتی عیراق لەناوی برد بەشێك بوون لە توانا ئابورییەکانی وڵات، لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆی توانای ئابورییە، ئێمە خۆمان دەزانین بەچی کاڵاو خزمەتگوزاری بەرهەم دێت بەچی کارە سەرمایە گوزارییەکان بەئەنجام ئەگەیەنرێت، کە ئەویش دەستی کارە، واتە عنصرێکی کارایە لەوێدا، هەروەها ئەم کارەساتە بووە هۆی ڕاگواستنی گوندنشینەکان لەکاتێکدا سەرچاوەیەکی ئابوری وڵات بوو بەتایبەتی ئەو کەسانەی لەشوێنی خۆیان لەسەر زەوی‌و زارەکانیان کاریان دەکرد. بەرهەمیان هەبوو ئەو بەرهەمانەیان لەناو برد، هەروەها ئەم ڕاگواستنە بووە هۆی قەرەباڵغییەکی زۆر لەشارەکانداو بێکارییەکی زۆری دروست کرد، ئەوانەشی بەر کارەساتەکە نەکەوتبون ڕژێمی عیراق ڕێگەی نەدا بگەڕێنەوە سەر ماڵ‌و موڵکەکانیانی خۆیان ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتی ئابوری زۆری دروستکرد[14]. ئەم کارەساتە

هێرشێكی سیستماتیك‌و نەخشە بۆكێشراو بوو لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە كە چەندین ئامانجی تایبەتی و گشتی خۆی هەبوو تیایدا، كارەساتێك بوو بۆسرینەوەی ناسنامەی نەتەوەی كوردو كاولكردنی لادێ كورد نشینەكان‌و داڕوخانی ژێرخانی ئابوری. خاتوو (نەدیم) خەڵكی گوندی (توكن)ی سەر بەشارۆچكەی كفری، یەكێكە لەبەركەوتوانی ئەو شاڵاوە و بەهۆی ئەو شاڵاوەوە توشی گرفتی ئابوری بووە، خاتوو نەدیم دەڵێت (پێش ئەنفال ئێمە ژیانمان زۆر خۆش بوو، سەروەت‌و سامانی زۆرمان هەبوو،بەڵام كاتێك بەعس‌و جاشەكان هێرشیان كردە سەر لادێكەمان و هەموومانیان دەستگیركردو بەفێل و تەڵەكەبازی هەموومانیان ڕاپێچی نوگرەسەلمان كردو، لادێ‌و ماڵ‌و سامان‌و كشتوكاڵیان وێران كردین، دوای چەند مانگێك ئازاد كراین، وتیشی لەبەرئەوەی منداڵەكانم وردبون و باوكیان سەرنەگوم كرابوو لەلایەن ئەو كافرانەوە ، نەشماندەزانی چیلێهاتوە.إ تەنها خۆم بووم بەبێ ماڵ‌و خانوو نەمدەزنی چیبكەم، هەروەها وتیشی ئێستا لەبەر نەبونی و هەژاری منداڵەكانم لە قوتابخانە دەركردوەو، هەردوو كورەكەم لە پێناو بژێویدا بوون بەشوانی خەڵكی[15].

كاریگەری دەرونی :

زەبری دەرونی ئەو كاتە ڕوئەدات كەكەسێك ڕوبەروی ڕوداوێكی ناخۆش‌و كوتوپڕ یان چاوەڕوننەكراوی لەناكاو دەبێت‌و لەئاكامدا توانستەكانی تاك بۆ بەڕەنگاربونەوەی ئاسایی تێك دەچێت‌و دەشەڵژێ وەك بەگولە بریندار بون ئازار ئەشكەنجەدان، دەستدریژی سێكسی، لەناكاو مردنی كەسێكی ئازیزو نزیك. كاتێك زەبری دەرونی چارەسەر ناكرێت خاوەنەكەی توشی چەندین فشاری دەرونی تر ئەكات بۆ كەمكردنەوەی كاری ئەو زەبرە ڕیگا چارەی كاریگەر نادۆزێتەوە، هەروەها ئەگەر توش بونی ئەو تاكە بە نەخۆشی یە دەرونییەكان زۆر دەبێ وەك‌و خەمۆكی، دڵە ڕەوكێ، نەخۆشی جەستە دەرونییەكان، تێك چون‌و شەڵەژانی كەسایەتی[16].بەجێماوانی ئەنفال‌و هەموو ئەوانەی لەو كارەساتەدا ڕزگاریان بووە، لەئێستادا دنیایە كێشەو گرفتیان بۆ دروست بووە، ئەم گرفتانەش زۆرجار بووە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەن، سایكۆلۆژیەت لەناو پاشماوەی ئەنفالەكان دەگەڕێتەوە بۆ كاردانەوەی شاڵاوە دڕندانەكەی ڕژێمی بەعس، كە بۆ هەر خێزانێك دەیان گرفت‌و كێشەی جۆراوجۆری بۆ دروست كردوون، ڕەنگە لەهەر خێزانێكدا ئەو كاریگەرییە جیاوازییەكی تێدابێت، بەڵام

به مانا گشتییەکەی هەموو لەیەك تەوەری بنەڕەتیدا بەرجەستە دەبێت، کاریگەرترین هۆکار کە هەمیشە لە ناو بەجێماوانی ئەنفالدا وەك بیرێکی بەردەوام لە مێشکیاندا دەوران دەکات کە بێ چارەنوسی کەسوکاریانە، ئەم بیرکردنەوەیە وای لێکردوون بەردەوام لە چاوەڕوانییەکی بێ ئەنجامدابن، هەروەها لە دەستدانی شوێن و جێگیربونیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانداو بێ کاریو خراپی باری بژێویو شوکردنەوە، کۆمەڵێك هۆکارن پرسیاری جدیان دروستکردووە لە هزری بەجێماوانی ئەو شاڵاوەدا(17). ئەمانەو گەلێك دیارەو گرفتی تر وەکو دڵتەنگیو شێتبون و تورەبون و زۆر بیرکردنەوە...هتد. کەس وکاری ئەنفالەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن. تائێستاش ئەگەر لەدرێژەی توشبوانی کەسوکارەکانیان وەربینەوە دەبینین شاڵاوەکانی ئەنفال کاریگەری زۆر خراپی کردوەتە سەریان بە تایبەتی ژنانی بەجێماوی ئەو مەرگەساتە.

مریم حسن ئەحمەد سەبارەت بەکێشە و گرفتەکانی دەڵێت : سێ ساڵ دوای شوکردنم مێردەکەم ئەنفال کرا، دوو منداڵیشم هەبوو لەو کارەساتەدا لەبەر برسێتی و سەرماو سۆڵە مردن، ئیتر لەدوای ئەو کارەساتەوە لەگەڵ دیکمدا دەژیم و نەخۆشییەکی درێژخایەنم لەگەڵدایە و چەند جارێك چومەتە نەخۆشخانەو دەڵێن ئاگاداری خۆتبە و بەس،منیش لەتاو ئازارو دەردە سەری شەوان خەوم لێناکەوێ، حکومەتی هەرێم و هیچ لایەنێك بەلاماندا نەهاتووە پرسیارمان لێناکەن، وتیشی دکتۆر پێی وتووم لەوڵاتانی دەرەوە چارەسەرت هەیە، بەڵام هیچیان بۆ نەکردوم. مریم دەڵێت " خۆزگە هەر لە دەشت بوینایەو خۆڵی ژێرپێی کورەکانی خۆم بخواردایە و ئەم ڕۆژەم نەبینایە(18). ئەندامانی خێزانێکی ئەنفالکراو چیتر ناتوانن دەوری پەروەردە کردن ببینن، چونکە ئەمان خۆیان لەڕوی دەرونی و کۆمەڵایەتییەوە ئەنفال نەخۆشی کردون. هەرکاتێك ترس لەسنورەکانی خۆی دەرچوو ئەوا مرۆڤ توشی فۆبیا (تۆقین) دەبێت، بێگومان دەرئەنجامی ئەو ستەم و زەبرو زەنگەیە کە ڕژێم بەرامبەر کورد بەکاری هێناوە، چونکە بێ بەزیوو درندەیی ئەو ڕژێمە وای کرد بوو کە حاڵەتی تۆقاندنی دروستکردبوو لەناو کۆمەڵگادا بەتایبەتی ئافرەتانی بەجێماوی ئەنفال، ئەمەش لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوزرێتەوە.

کاریگەری دیمۆگرافی

ئامانجی سەرەکی هێرشەکانی ئەنفال لەنابردنی هێزی مرۆیی هەرێمی کوردستان بوو. بەتایبەت دانیشتوانی گوندەکان، چونکە پشت و پەنای شۆڕشی ڕزگاری خوازی

گەلی کوردستان بون، لە گوندەکاندا چالاکییە پارتیزانیەکانی پێشمەرگە سەرچاوەی دەگرت. بۆیە پەرتەوازەکردن‌و لەناوبردنی ئەو گوندانەو دانیشتوانەکەی لەڕیزی پێشەوەی حکومەتی بەغدا بوون، بۆ ئەوەی بالانسی گەشەی دانیشتوان‌و زیادبونی دانیشتوان لە عێراقدا، زیاترو زۆرتر بەلای زۆرینەی عەرەبدا بشکێتەوە[19] شالاوی قرکردن لە بەشێکی کوردستاندا بۆتە هۆی کەم بونەوەی ڕێژەی کوردو هێنانە خوارەوەی ژمارەی دانیشتوان، ئەمەش تا چەند سالێك پێوەی دیار دەبێت و کاریگەری خۆی دەنوێنێت بە تایبەتیش لە دانیشتوانی دێهاتە ئەنفالکراوەکان[20] هەروەها شێواندنی سروشتی هەرێمی کوردستان لە ڕوی جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان‌و ژمارەی کورد لە عێراق بگۆرێت، چونکە ئەگەر لەبۆچونی دیمۆگرافییەوە سەیری دانیشتوان بکەین لە سەر ژمێرییەکانی عێراق دەبینین ڕێژەی لە دایك بوون لە هەرێمی کوردستان زیاترە، وەك لەناوەڕاست‌و باشوری عیراق، ڕێژەی مرۆڤیش لەم هەرێمە کەمترە بەهۆی ئاوهەوای پاك‌و خاوێن و کەمی نەخۆشی، کەواتە دانیشتوان لێرەدا پەرە دەسەنێ و زیاد دەکات، جگە لەوەش ڕێژەی بەپیتی (خصوبة) ژنی کورد، بۆ هەر (١٠٠٠) ژن سالانە (٩٧٧) مندالی دەبێت لەهەمان کاتدا هەر (١٠٠٠) ژنی ناوەراست و باشوری عیراق (٩٢٢) مندالی دەبێت[21] ئەم هۆکارانە وای کردوە ڕژێمی عیراق حساب بۆ ئە م ڕێژەیە بکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیادبوندایە، چونکە بایەخێکی دیمۆگرافی هەیە بۆ گەلی کورد، بۆیە حکومەتی عێراق لەرووی ئەمنییەوە بیری لێکردۆتەوە و نەخشەی لەناوبردنی ئەم توێژەی گەنجانی داناوەو کە بەئەنجامدانی شالاوەکانی ئەنفال هەزارن پیاو ژن‌و گەنجیان لەناو برد، ئەمەش بەمەبەستی وەستانی گەشەی زیادبونی دانیشتوان‌و زەبر وەشاندن لەهێزی بەرهەم هێنی هەرێمی کوردستان، بەبیروبۆچونی (ڕاتزل) گەشەکردن‌و پەرەسەندنی دەولەتان لە سەر چەند یاسایەك وەستاوە، لەوانە، یەکەم: ڕوپێوی خاکەکەی ، دووم: زیادبونی ژمارەی دانیشتوان کە ژیانی کۆمەلایەتی و ڕامیاری و ئابوری و فیکری و بەهۆیەوە گەشە دەکات[22]. ڕژێم لە شالاوەکانی ئەنفال دا ئامانج‌و مەبەستی تایبەتی هەبوو، بۆیەش بە چەند قۆناغێکی دیاری کراو و بەرنامە بۆ ڕێژراو، هەر قۆناغەی بۆ ناوچەیەکی جوگرافی‌و دیمۆگرافی یان زیاتر بەڕێوەدەچوو[23].

هەر بەمەیەستی گۆرینی دیمۆگرافی هەرێمی کوردستان، ئەم ڕژێمە چەندان ڕێگەی گرتە بەر، بەزۆرداری خەلکی ناوچەکانی کەرکوك‌و مەخمورو شوێنەکانی تری ژێر دەسەلاتی

حكومەتی عێراق بەناوی (تصحيح قومی) تەعریب كرد، جگە لەم ڕێگایانەش ڕژێم ڕێژەیەكی زۆر خەڵكی كوردستانی بەگرتنو لەسێدارەدان لەناوبرد، تاكار گەیشتە ترۆپێكی تاوان كەشاڵاوەكانی ئەنفال بوو بۆ سەر گوندنشینەكانی كوردستان و شوێن بزركردنی ژمارەیەكی زۆر و لەناوبردنی هەزارانی تریش بەچەكی قورسی كیمیایی[24].

كاریگەری سیاسی:

لەڕوی سیاسییەوە جێبەجێكردنی شێوازە جیاجیاكانی قركردنی كورد لە ئەنفالو كیمیابارانو كۆمەڵكوژی كورد لەچەند بەشێكی كوردستانی باشوردا لە ساڵی ١٩٨٨ شۆڕشی كوردی بەرەو شكستێكی گەورە برد، ئەگەر چی مەفرەزەی پارتیزانی پێشمەرگە لەناوچە جیاجیاكانی كوردستان وەك (گەرمیانو قەرەداغو شوان)و هەندێ ناوچەی هەولێر مابونەوەو ئێزگەكانی شۆڕشی كوردستان هەر كاریان دەكرد[25]

ئەنفال كارەساتێك بوو ڕەنگدانەوەی حیزبێكی تۆتالیتاری بەعس بوو، ئەمە سیاسەتی ئەم حیزبە بوو بۆ نمونە لە هەندێ لەوتارەكانی (موشیر ئەفلەق) دامەزرێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراكی یە لەساڵی ١٩٦٩ دەڵێ (وڵاتی عەرەبی پێكهاتووە لەو زەوی و بانانەی كەدەست پێدەكات لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە هەتا كە نداوی عەرەبی لەزنجیرە شاخەكانی تۆرۆسەوە ئەو كەمایەتیانەی كەكەوتۆتە خواروی ئەوە زنجیرە شاخەوە، ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان كێشەیان بۆ یەكێتی عەرەب دروست كرد ئەوا ئەوانە ڕادەگوێزرێن). زۆر ڕونە كە ئەو وتەیە لەساڵی (١٩٦٩) وتراونەتەوە بەگوێرەی دیدی حیزبی بەعس میلەتی كورد كێشەی دروستكردووە بۆ نەتەوەی عەرەب لەبەر ئەوە ڕادەگوێزرێنو لەناو دەبرێن[26] ئەوەی ئاشكراو ڕونە لەكاتی شاڵاوەكانی ئەنفال، ژمارەیەكی زۆر لەخەڵكی ناوچە وێران كراوەكانی كوردستان پەراگەندەو پەرتەوازە بوونە بۆ هەر دوو وڵاتی دراوسێ (ئێران و توركیا) كە ژمارەیان زیاتر لە (١٦٠) هەزار كەس دائەنرێت، بەڵام جێماوێك كە توركیا بەو پەڕی دڕاندانە مامەڵەی لەگەڵ دەكردنو ڕێگەی بە ڕێكخراوە مرۆییەكان نائەدا كەسەردانی خەڵكە پەنا هەندەكان بكەن، بۆیە بەناچاری ژمارەیەكی زۆریان گەرانەوە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی عێراق[27] سیاسەتی كۆمەڵكوژی كەبەسەر نەتەوەی كوردا هات لەئەنفالدا بەشێوەیەكی سەرەكی كاریگەرییەی ڕاستەوخۆی لەسەر خێزانی كورد دەركەوت، چونكە ئەم شێوە سیاسەتە ڕەگەز پەرستییەی حیزبی بەعس بەرامبەر بەتاكو خێزانی كورد ئەمانەی لێكەتەوە...

یەکەم: ئەندامانی خێزنی کورد کە بەشێکیان ئەندامی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردبونو لە پێناو بە ئامانج گەشتنی دۆزی کوردا تێدەکۆشان بەر پەلامارەکەی ئەنفال کەوتنو بێسەروشوێنکران.

دووەم: ئەو خێزانانەی کە یەکێك لەئەندامەکانی بەر پەلامارەکانی ئەنفال کەوتن بەشێوەیەك لە شێوەکان خۆشیان ئامانجێکی تری ئەو پەلامارە بوون.

بەپێی ئەمە چ ئەو خێزانانەی ئەندامیان بەر پەلاماری ئەنفال کەوتون یان خۆیان ئامانج بوون،کاریگەرییە سیاسییەکان لەسەر ئەو خێزانە دەرکەوتن، چونکە ئەوان لەپێناو دۆزێکدا تێدەکۆشان کە بەدۆزێکی بنچینەی خۆیان دادەنا کەئەویش دۆزی سیاسیو بە ئامانج گەیاندنی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردبوو، خێزانو ئەندامانی خێزان کایگەریو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیاسەتی کوردا دروست کردوە حیزبی بەعسیش بەهان تێروانینەوە تەماشای دەکردن، بەلای حیزبی بەعسەوە چ لەناوبردنی بزوتنەوەی کوردو چ خێزانی کورد هەمان مەهامی سیاسیانەی بەعس دەپێکێت، هەر ئەمەش خاڵی جەوهەری بوو کە جینۆسایدی نەتەوەی کوردی لێکەوتەوە.

پەراوێزەکان:

١- ئەمیر خواکەرەم، ئەنفال لە ڕەهەندە سیاسی و مێژوی و کۆمەڵایەتییەکاندا، چاوپێکەوتن، ساڵنامەی عەرعەر، ساڵی یەکەم_٢٠٠٦،ل١٠

٢-عەدالەت عومەر،ئەنفالو ئافرەتی کورد،چاپی یەکەم، هەولێر_٢٠٠٢،ل١١٢

٣-باوکی ناز، ئەنفال کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی گەلی کورد،ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ.٤٢١،سلێمانی_٢٠٠٦،ل٧

٤-یوسف دزەیی،ئەنفال،کارەساتو ئەنجامو ڕەهەندەکانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەلێر_٢٠٠١،ل٢٢٠

٥-ناهیدە تاڵەبانی،جاسم مەحەمەد،ئەنفالی گەرمیانو ڕەهەندە دیمۆگرافیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی_٢٠٠٣،ل٩١

٦-ناهیدە تاڵەبانی، جاسم مەحەمەد،هەمان سەرچاوە،ل٩٧

٧-کوردەوان محمد سعید، تالانی،گۆڤاری چواردەی چوار، ژ.٣، ٢٠٠٥،ل٣

٨-چاوپێکەوتنی توێژەر

٩-محەمەد رەئوف عەزیز، ئەنفالو رەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی،ل٢٢٣-٢٢٤

١٠-ناهیدە تاڵەبانی، جاسم محمد، سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩

١١-عەبدوڵا کریم، جینۆسایدی ئابوری، گۆڤاری هەشتاوهەشت، ژ.٥_٦،سلێمانی_٢٠٠٧،ت١٧١

١٢-عەدالەت عومەرسالح، شالاوی ئەنفال کاریگەری لەسەر باری ئابوری‌و دەرونی‌و کۆمەڵایەتی ئافرەتی بەجێماوی ئەنفال،لێکۆلینەوە

١٣-تەها سلێمان، کاردانەوەی پەلاماری ئەنفال لەسەر ژنان، سەرچاوەی پێشوو،ل٦٩

١٤-پ.ی.د.محمد رەئوف، ساڵنامەی عەرعەر،ساڵی دوەم، چاوپێکەتن،ل٦

١٥-چاوپێکەوتنی توێژەر

١٦-د.کریم شەریف قەرەچەتانی، سایکۆلۆژیای ڕێنمایی دەرونی،زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئاسۆی پەروەردە،چاپی یەکەم،هەلێر_٢٠٠٥،ل٥٧_٥٨

١٧-شێخ صدیق،کاریگەری ئەنفال لەسەر دەرونی کۆمەڵایەتی ناو پاشماوەکانی ئەنفالەکان،گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ.٢٤،هەلێر_٢٠٠٢،ل٢٢١

١٨-چاوپێکەوتنی توێژەر

١٩-پ.ی.ناهیدە تاڵەبانی، جاسم محمد،ئەنفالی گەرمیان‌و رەوشی دیمۆگرافی،ئابوری‌و کۆمەڵایەتی پاشماوەی ئەنفال،گۆڤاری سەنتەری برایەتی،ژ.٢٤،سەرچاوەی پێشو،ل١٨٠

٢٠-پ.ی.د. رەفیق شوانی، زاراوەی ئەنفال‌و ئەنفالی کورد و کاریگەرییەکانی،گۆڤاری هاواری ئەنفال،ژ.٢٠٠٢،ل١٣

٢١-جزا توفیق طالب، سکان اقلیم کردستان،دراسة الجغرافیة السیاسیة، رسالة ماجستر مقدمة الی کلیة الاداب جامعة صلاح الدین، ١٩٩٥،ص٢٤٨

٢٢-د.ئازاد محمود ئەمین نەقشبەندی، جیۆلەتیکس، بۆچون‌و پێوەرەکانی، گ.سەنتەری برایەتی، ژ٦، هەولێر _ ١٩٩٧،ل٣٣

٢٣-یوسف دزەیی، ئەنفال‌و کارەسات:ئەنجام‌و ڕەهەندەکانی،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،،چاپی یەکەم،هەولێر_٢٠٠١،ل٧٠

٢٤-یوسف دزەیی، تاوانی ئەنفال بەرامبەر بەکورد، گ.سەنتەری برایەتی، ژ.١٢، هەلێر_٢٠٠١،ل١٣

٢٥-پ.ی.د.رەفیق شوانی، سەرچاوەی پێشوو،ل١٣

٢٦-یوسف دزەیی، ئەنفال‌و کارەسات: ئەنجام‌و ڕەهەندەکانی، سەرچاوەی پێشوو،ل٢٣٤

٢٧-د.ئەلبێرت عیسا، سەرچاوەی پێشوو،ل١١